# مەرگی ڕۆشنبیرێک و دە داستانی دیکە

وەرگێڕانی: نزار جەمال نوری

# پێڕست


پێشەکی ........................................................ 3

وەک هەمیشە ................................................ 6

خۆرهەتاو ........................................................ 10

ئاسمان ........................................................ 12

پانەڕێ ........................................................ 14

گەلاوێژ ........................................................ 17

بنێشت ........................................................ 21

پێشکەش بە ئەویندارەکەم ......................................... 23

شەولەبان ........................................................ 30

بۆیاخی پێڵاو ................................................ 34

منداڵ ........................................................ 37

مەرگی ڕۆشنبیرێک ........................................ 39

# پێشەکی

## بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

وەک ئاشکرایە کە ئەوەی کورتە چیرۆکی پێدەناسرێت کەمی ڕووداوەکانی و کورت بوون و کەمی کەسایەتییەکانیەتی. نووسەری کورتە چیرۆک بە بەکارهێنانی کەمترین وشە چیرۆکێکی جوان دەهێنێتە بوون و کارامەیی و دەستڕەنگینی خۆی تیایدا نیشان دەدات. محمد عەبدی کە نووسەری کتێبەکەمانە هەستاوە بە نوسینی ١٠ چیرۆک لە ژێر ناوی جیا جیا کە یازدەهەمینیان بە ناوی (مەرگی ڕۆشتبیرێک) ە و کردوویەتی بە ناوی کتێبەکەی، ئەگەر چی خودی نووسەر هیچ پێشەکیەکی بۆ کتێبەکەی دانەڕشتووە، بەڵام لەبەر کەمی بەرهەمی کورتە چیرۆک لە ناو کتێبخانەکانی کوردستاندا پێ خۆش بوو پێشەکیەکی کورت بۆ وەرگێڕانی کتێبەکە زیاد بکەم و بە سوود وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەکی فارسی کەمێک باسی کورتە چیرۆک و شێوازی نوسینەکەی بۆ خوێنەر ڕوونبکەمەوە.

کورتە چیرۆک چییە؟ : بریتییە لە بەرهەمێکی کورت کە لە چاو ڕۆمان و چیرۆکە دوور و درێژەکان قەبارەیەکی زۆر بچووکی هەیە و نووسەر بە سوود وەرگرتن لە داڕشتنێکی ڕێک و پێک بەشێک لە ژیانی کەسایەتییەک دەنووسێت.[1]

[1] Laklak book site.

ئێدگار ئالن پۆ[2]کە نووسەرێکی ئەمریکییە و یەکێکە لەو نووسەرە ئەمریکیانەی کە ڕیزی پێشەوەیان لە نوسینی کورتە چیرۆکدا گرتووە، سەبارەت بە کورتە چیرۆک دەڵێت: کورتە چیرۆک پارچەیەک خەیاڵە و پێویستە خوێنەر لە ماوەی نێوان نیو کاتژمێر تا دوو کاتژمێر لە خوێندنەوەی تەواو ببێت. گێڕانەوەیەکە کە ئەو ڕووداوانە (ماددی بن یاخود مەعنەوی) و هەموو وردەکاریەکانی ئەو ڕووداوانەی کە باسی لێوە دەکات پێویستە سەبارەت بە یەک بابەتبن و بەرهەمێک پێک بهێنێت، وە پێویستە بەرهەمەکە درەوشانەوەی هەبێت و گڕوتین بدات بە خوێنەر یاخود کاریگەری بخاتە سەری، هەروەها پێویستە داستانەکە لە خاڵی دەستپێکەوە تاکو کۆتایی بەسەر هێڵێکی ڕاستدا بڕوات.[3]

ئەو ئەرکەی کە پێویستە خوێنەر لەمیانەی خوێندنەوەی کورتە چیرۆکدا بیگرێتە ئەستۆ ئەوەیە کە پێویستە وردبین بێت لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکان دا و پەی بە ئەو وردەکارییانە ببات کە نووسەر بۆ بەخشینی مانای زیاتر بە چیرۆکەکەی یاخود یەکلایی کردنەوەی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە زیادیکردوون تا لە ئەنجامدا خوێنەر چێژێکی تەواو لە چیرۆکەکان ببینێت.

یەکێک لە بابەتە جوانەکانی کورتە چیرۆک ئەوەیە کاتێک خوێنەر دەگات بە کۆتایی چیرۆکەکە دووچاری شۆک بوون دەبێت بەو ئەنجامە نەخوازراوەی کە نووسەر بۆ چیرۆکەکەی خۆی دایناوە. پێویستە لە کاتی نووسینی کورتە چیرۆکدا نووسەر ڕەچاوی ئەوە بکات کە سنووری کورتە چیرۆک دیاریکراوە و ناکرێت لەو

[2] Edgar Allan Poe (1809-1849).

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو.(لاپەڕە 3)

سنووره دەربچێت و زیاتر بنوسێت. محمد عەبدی بەمجۆره کورته چیرۆکەکانی نووسیوه که کورتترین چیرۆکی کتێبەکه بریتییه له ۲۲۷ وشه و درێژترین چیرۆکیشی بریتییه له ۸۸۵ وشه که ئەتوانین بڵێین چیرۆکەکانی نه زۆر زۆر کورتن نه زۆر زۆریش دووردرێژن. ئومێدەوارم که خوێنەری ئازیز چێژ له داستانەکانی ناو کتێبەکه ببینێت.

تێبینی: بەبێ ڕەزامەندی وەرگێڕ هیچ کەس و کتێبخانەیەک و چاپخانەیەک، بۆی نییه ئەم بەرهەمه یان بەشێکی چاپ بکات و بڵاوی بکاتەوه. بەپێچەوانەوه ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێتەوه.

نزار جەمال نوری

۲۰۲۲/۹/۷

# وەک هەمیشە

بەیانی کاتێک لە خەو هەستا، وەکو هەمیشە دەست و دەموچاوی شۆرد. کتریەکەی پڕکرد لە ئاو و خستیە سەر ئاگر. کاتێک چایەکە ئامادە بوو نان و پەنیرێکی هێنا و لەگەڵ چایەکەدا خواردی. پاشان چایەکی تاڵی کرد بەدوایدا. خستیە سەر مۆسیقا و لاپەڕەیەکی لەو گۆڤارەی کە دوێنێ کڕیبووی هەڵدایەوە. تازەکی ئاشقی بیتهۆفن بووبوو. دەنگی مۆسیقاکەی هێندە بەرز بوو گوێی لە زەنگی تەلەفوونەکەیەوە نەبوو. گوێی لە سیمفۆنیەکی تەواو گرت. بیری هاتەوە کە پێویستە تەلەفوون بۆ دایکی بکات.

ـ سەلام دایکە

ـ فەرموون، کارتان بە کێ هەیە؟

ـ ئای، دایکە منم...

ـ ئێوە؟

ـ گاڵتە دەکەیت دایکە؟

دایکی وتی: (بەڕێزم بە هەڵە کردوتانە) دواتر پەیوەندیەکەی داخستەوە. زۆری لا سەیر بوو. بە سەرسووڕمانێکەوە سەیرێکی ئەم لاو ئەو لای کرد. دووبارە پەیوەندی بە ژمارەکەوە کردەوە.

ـ دایکە، بۆچی ئازارم ئەدەیت؟!

ـ کاکی بەڕێز، دەڵێی حاڵتان باش نییە! دایکە کێیە؟ چی ژمارەیەکتان وەرگرتووە؟

ـ دایکە، توخوا بەسە.....ئیتر ئەم گاڵتانە  با بەس بێت.

دایکی وتی: (بەڕێزم ئێوە نەخۆشن) و پەیوەندیەکەی داخستەوە. کابرا وایزانی دایکی گاڵتەی لەگەڵ دەکات، بەڵام دواتر بیریکردەوە پێشتر دایکی گاڵتەی وای لەگەڵدا نەکردووە. ملپێچەکەی لە ملی بەست و کڵاوەکەی کردە سەری و بڕیاریدا بچێتە ماڵی دایکی. بە ڕێ کەوت. لەسەر سووچی کۆڵانەکە هاوڕێی چەند ساڵەی میهرداد ی بینی کە لە هەمان کۆڵاندا دەژیا.

ـ چۆنی میهرداد؟

ـ ببوورە، ناتناسمەوە؟....

ـ یەعنی چی؟ گاڵتە دەکەیت؟

ـ کێی جەنابت؟

ـ دەستت لابە بۆرە پیاو! تۆ من ناناسیتەوە؟

ـ بەڕێزم پێدەچێت حاڵتان باش نەبێت....

ـ کەرە حاڵی من باش نییە یان تۆ؟! دەکێشم بەسەرتا ها!

ـ کاکی بەڕێز لێتان تێکچووە. من میهردادم بەڵام ڕەنگە ئەو میهردادە نەبم کە ئێوە بیری لێ دەکەنەوە.

ـ میهرداد تۆ ئیتر چیتە؟ بابە منم بێهروز! بێهروز قانمی! هاوڕێی چەند ساڵەت. لانیکەم ئێمە دە ساڵە هاوڕێین!.

میهرداد وتی: (ببوورە بەهەڵەدا چوون) و ڕۆشت. بیری کردەوە پەیوەندی بە تەرانەوە بکات و پیت بە پیتی هەموو ئەم ڕووداوە خەندە ئامێزانەی بۆ باس بکات، ڕەنگە ئەو دان بەوەدا بنێت کە بڕیارە ئەمڕۆ هەمووان سەربخەنە سەری.

ـ سەلام تەرانە

ـ کێی جەنابت؟

ـ د..... تۆش ئیتر دەستپێمەکە.....دەستەکەتان کەشف بووە!

ـ بەڵێ؟!

ـ تاقەتم نییە، توڕەم مەکە.

تەرانە وتی: (تێناگەم کاکە، بەهەڵە کردوتانە، تکایە بێزارمان مەکەن!) و پەیوەندیەکەی داخستەوە. لەو کاتە دا دەنگی هۆڕنێک هات و مۆبایلەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە. هەڵیگرتەوە. سور بوو لەسەر ئەوەی بەڕێبکەوێت بۆ لای دایکی. کاتێک گەیشتە ئەوپەڕی شارەکە لە زەنگی ماڵەکەی دا، ماڵێک کە تیایدا گەورە بووبوو. دایکی لە حەوشەکەدا بوو پرسی: (کێیە؟)

ـ منم. دەرگاکە بکەرەوە.

ـ کێی جەنابت؟

ـ دایکە توخوا وازبێنە، منم بێهروز!

دایکی کەمێک لە دەرگاکەی کردەوە و سەیرێکی کرد.

- بێهروز کێیه؟!

ویستی دەرگاکە بکاتەوە و بچێتە ژوورەوە ژنەکەش لە ترسا دەرگاکەی پێوەدا.

- کاکە چیتان دەوێت لە گیانی ئێمە؟! دەتانەوێت هاوار بکەم و دراوسێکان ئاگادار بکەمەوە؟..... نەسرین خان.... کاک جەعفەر... بگەن بە فریام... ئای دز.... دز!

پیاوەکە چووە دواوە. بەشێوەیەکی بێدەسەڵاتانە وردە وردە دەهاتە دواوە، دواتر بەرەو سوچی کۆڵانەکە بەڕێکەوت. هێشتا دەنگی دایکی دەبیست. پێیەکانی خێراتر کرد. لەسەر سووچی کۆڵانەکە تەکسیەکی گرت تا بیگەیەنێتە ماڵەوە. چووە ناویەوە. بەجوانی لە ئاوێنەکە دا ڕوانیە خۆی. خۆی بوو. ڕۆشت و سەیری ئەلبوومی وێنەکانی کرد. وێنەیەکی هێناو خستیە بەر ئاوێنە و لەگەڵ خۆیدا بەراوردی کرد. یەکێک بوو. وای بە باشی زانی بخەوێت. ڕەنگە کاتێک دووبارە بەخەبەر هاتەوە، هەموو شتێک باش بوو بێت.

# خۆر هەتاو

لە پاش ئەو ڕووداوە ئیتر خەو نەدەچووە چاوم. ڕۆشتم بۆ لای پزیشکی دەروونی. من باوەڕم بە پزیشکی دەروونی نییە، باوەڕم وایە کە ئادەمیزاد باشتر لە هەموو کەسێکی تر خۆی دەناسێت. بەڵام بە زۆری هاوڕێکانم ڕۆشتم بۆ لای. کاتێک ڕۆشتم پزیشکەکە چاویلکەکەی کردە چاوی و نواڕیە سەر تا پام، وەک بڵێی بوونەوەرێکی سەیر و سەمەرە دیبێت. دواتر وتی: کێشەیەکی گەورە لە ژیانتدا هەیە؟

وتم: نا.

پرسی: بۆچی هاوسەرگیریت نەکردووە؟. وەڵامیم نەدایەوە. بەمشێوەیە پرسیار لە دوای پرسیار دەیکرد و لە کۆتاییدا چەند هەڵسەنگاندنێکی دەروونناسی کرد. وتی: شتێکی وەها نییە.

دواتر وەک و گێلێک سەیری کردم و وتی: ئەو کەسەی بینیوتە تەنها هاوشێوەی تۆ بووە. ڕێی تێناچێت کەسێک ئەوەندە لە تۆ بچێت کە وات لێبکات وابزانێت کە تۆ خۆتت بینیوە. خۆت ئێستا لە بەردەم مندا دانیشتوویت. ئەویش کابرایەک بووە کەمێک لە تۆ چووە. هەر ئەوەندە!

پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەم کرد. لە دڵی خۆمدا وتم: خۆزگە کاروبارەکانی دنیا بە هێندەی ئەوەی پزیشکە دەروونیەکە باسی دەکات سادە بوونایە. زۆر خراپ پێکەنین گرتمی. نەمتوانی خۆم بگرم و بە بەرزی پێکەنیم، زیاتر و زیاتر. پزیشکە دەروونیەکە واقی وڕما بوو، وای دەزانی شێتم. لە ڕاستیدا من لە دڵی خۆمدا دەموت کە پزیشکەکە

شێته. وایدەزانی من ئەوەندە گێلم ناتوانم جیاوازی کەسێک بکەم کە هاوشێوەی منە لەگەڵ کەسێک کە خودی خۆمە. هەر لە سەرەتاوە نەک تەنها لە پزیشکە دەروونییەکان بەڵکو لەهەموو پزیشکەکانی جیهان تووڕە بووم. ئەوان تەنانەت نازانن چۆن منداڵەکانیشیان پەروەردە بکەن، ئاوهاش دەیانەوێت مرۆڤایەتی ڕزگار بکەن! بێزەحمەت تەنها چارەسەر بۆ نەخۆشییە جەستەییەکان بنوسن و ئەوەی ماوە دایبنێن بۆ خانەوادەکەی. بیرم لە ئەمانە دەکردەوە و چەند خوولەکێک بە زەقی ڕووانیمە چاوی پزیشکە دەروونیەکە. تەنانەت چاویشم نەدەتروکاند. پزیشکە دەروونییەکە لە دوای پێکەنینەکەی من، بەسەرسووڕماویەوە لە نەخۆشەکەی دەڕووانی. پێدەچێت پەی بەوە بردبێت کە کەمێک لە نەخۆشەکەی خۆی تێناگات. ڕەنگە ئەمە زۆر ئازاری دابێت. سەیرێکی سەر تا پایم کرد و وتم: کاکی دکتۆر بە باشی نازانیت هەرچی زووترە بچیتە لای پزیشکێکی دەروونی!. دواتر هاتمە دەرەوە. ئاسمان خۆرهەتاو بوو.

# ئاسمان

دوو سێ ساڵ دەبوو کە بێکار بوو. لە دەستی خۆیدا نەبوو. دەبوو لە ئاسمانەوە بژێوییەکەی بۆ بهاتایە، دوو سێ ساڵێک دەبوو بۆی نەدەهات. لە ناو هەموو خەڵکی دا تەنها کارەکەی ئەم ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئاسمانەوە هەبوو . ڕاستیەکەی ماوەیەک هەوڵیدا کە سەرقاڵی کارێکی تر ببێت. تاقیکردنەوەشی کرد، بەڵام سەرینەگرت. لە شوێنێکدا دەستی کرد بە کشتوکاڵ بەڵام بەروبوومەکەی مێروو خواردی. ویستی ببێتە شۆفێری تەکسی بەڵام کەسی دەستنەکەوت ئۆتۆمبێلەکەی خۆی پێبدات و دەستکەوتەکەی نیو بە نیو لەگەڵیدا بەش بکات. دوکانێکی پەیداکرد تاکو لە ناویدا شاگردی بکات، بەڵام خاوەنەکەی ئیفلاسی هێنا و هەر زوو هەموو دوکانەکەی فرۆشت. بوو بە دەرکەوان لە ڕێکخراوێکدا ، دوای مانگێک خاوەنەکەی بە تۆمەتی قۆڵبڕی دەستگیرکرا. گەڕایەوە بۆ زێدی بابی، لە کەناری دەریا بە پیشەی خێزانەکەیەوە خەریک بوو، بەڵام وا دیار بوو ماسییەکان ئەویان دەناسی و بڕیاریاندا لە نزیک داوەکەی ئەودا تێپەڕ نەبن. جارێکیان بیریکردەوە ـ یان ڕەنگە هەر بەڕاستی ڕوویدابێت ـ ماسیەک سەری لە ئاوەکەدا دەرهێنا و لە دوورەوە هاواری بۆ کرد بگەڕێوە بۆ سەر کاری ڕاستیت....ئاسمان.... . هەر ئەو ساتە گەڕایەوە و دەستیدایە چاوەڕوانی. هەموو بەیانییەک بە ئومێدەوە لە خەو هەڵدەستا و سوچی پەردەکەی لا دەخست، بەڵام هەواڵێک نەبوو. تەنیا دەیویست چاوەڕێ بکات. لەوە تێگەیشت بوو کە ئەگەر بەدوای ئیشێکی تردا بڕوات دەستی ناکەوێت. ساڵێک زیاتر تێپەڕی و ئەمیش هەر چاوەڕێی

دەکرد. بەڵام هەواڵێک لە بەخشندەیی ئاسمانەوە نەبوو. ژنەکەشی لە کۆتاییدا ئارامی لێ بڕا و گەڕایەوە ماڵی باوکی. بۆ هەمیشە. وا بیری دەکردەوە مێردەکەی مێشکی لەدەست داوە، وا چاوەڕێی بارینی بەفر دەکات. ڕۆژی دە جار دەیدا بەگوێی پیاوەکەیدا و دەیوت: ئاخر پیاو! ماڵینی بەفریش بوو بە کار؟!. بەڵام پیاوەکە وەڵامی پێ نەبوو. شەوانە نزای دەکرد، تەنانەت شەوانی هاوینیش نزای دەکرد بۆ ئەوەی تا بەیانی بەفر ببارێت. هەندێک جار کە باران دەباری، شەو تا بەیانی نەدەخەوت تەنها نزای ئەکرد تاکو بارانەکە ببێت بە بەفر. شەوێکیان تا بەیانی لە پەنای پەنجەرەکە دا دانیشت و دەیڕوانیە بارانەکە. دەمەوبەیان بینی بارانەکە بووە بە بەفر. دڵی خورپەی کرد. لە ژێر لێوەوە زیکری دەکرد و شوکرانە بژێری دەکرد. ڕۆژ بوویەوە، بەڵام بەفرێک لەسەر زەوی بوونی نەبوو. خۆر لە ئاسماندا تیشکی دەدایەوە، دەتوت خۆرەکە گاڵتەی پێدەکات. دڵی شکا. ئاخر هەموو شتێکی لە پێناو بارینی بەفرەکە دا کرد بوو. پەردەکەی داخست و بڕیاریدا ئیتر هیچ کاتێک پەردەکە نەکاتەوە. بە ئارامی ڕۆشتە سەر تەختی خەوی هەمیشەیی.

بەڵام ئەو شەوەی ئەو ڕۆشت بەفر باری. بەفرێکی بەخوڕ باری. شەوی دواتریش بەفر باری. شەوەکانی تریش بەهەمان شێوە. ئیتر هەموو ساڵەکە بەفر دەباری تەنانەت هاوینانیش.

# پانەڕێ

بە شڕ و شێواو لە ناوەڕاستی پانەڕێیەکدا کەوتووم. شتێکم لێ نەماوەتەوە. لایەکی لووتم خوێنی لێ دەچۆڕێت. چاوەکانم نووقاون. مردووم. چەند کەسێک لە دەورووبەرم دا کۆبوونەتەوە، زیاتر لە دوورەوە وەستاون و نایەنە پێشەوە. ئەم بارودۆخە بە دیمەنێکی باش نایەتە بەر چاویان، هەر دیارە کە باش نییە. کوڕێکی دە دوانزە ساڵی قەڵەو بە بینینی من حاڵی تێکچوو و بوورایەوە. لە هەمووی خراپتر بارودۆخی شۆفێرەکەیە؛ خانمێکی شۆخ و شەنگ. تەمەنی نزیکەی بیست و یەک یان بیست و دوو ساڵە، بەڕاستی جوانە، مخابن کە دەگری. بە دەست و پەنجەکانی ڕووخساری خۆی داپۆشیوە. حەزدەکەم هەستمەوە و دڵنەوایی بدەمەوە و پێی بڵێم ئاخر ئازیزم خۆ خەتای تۆ نەبوو. شتی وا هەر دەبێت. وایدابنێ من لە پشتی سوکانەکە بووبێتم و تۆش لێرە. بەڕاستی خەتای من بوو. هەر بیرم نەبوو کە خەریکم لە ناوەڕاسی پانەڕێیەکدا دەپەڕمەوە. هۆش و خەیاڵم لای خۆم نەبوو. سەرەتا زۆرم بۆهات خۆم نەجات بدەم، بینیم ئۆتۆمبێلێک ئاوا بەرەوڕووم هاتە پێشەوە و هەر دەتوت منیش لە شوێنی خۆمدا وشک بووم. بەم شێوەیە وەستابووم، بۆ ساتێک نەمدەویست بجووڵێم دواتر هەر نەمتوانی بجووڵێم. وەک بڵێی پێیەکانم زنجیر کرابێتن، مێشکم فەرمانی نەدەدا، وەک زۆرێک لە بارودۆخەکانی دیکە کە فەرمان نادات یان فەرمانی چاک و دروست نادات. دواتر زرم**!** پێشی

سەیارەیەکی جوانم وێرانکرد! ئاخر من و ئەم هەموو ناحەقیە؟! ئێستاش یەک پانەڕێم گرتووە ، تا چاو بڕکات ئیزدیحامە، ئۆتۆمبێل لە دوای ئۆتۆمبێل. هەموو جۆرێکی لێیە لە داشقەیەکەوە بیگرە تاکو کۆتا مۆدێل. لە شۆفێرە بەدبەختەکانەوە تاکو شۆفێرە بەڕووکەش یان هەر بە ڕاستی خۆشبەختەکان. هەندێکیان خەریکی هۆڕن لێدانن، ڕێگاکەیانم گرتووە. سەرەتا هەستم بە سزای ویژدانم دەکرد بەڵام ئێستا بیر دەکەمەوە وایدابنێین ڕێگاکەیان بۆ کرایەوە، چی دەبێت؟ بۆکوێ دەچن؟ بەدوای چیەوەن؟ چیان دەوێت؟ پارویەک نان؟ شۆفێرە تەکسیەکانم هاتەوە بیر، داماوینە جا خۆ ئەگەر هەموو ڕۆژێک یەکێکی وەکو من ببێت بە توشتانەوە لە برسا دەمرن.

خەڵکینە! لەگەڵ ئێوەمە! یەکێکتان بەرزم بکاتەوە! جاخۆ بشمرم چی فەرقێک ئەکات گەر ئێوە کاردانەوەیەکتان نەبێت!. کچەکەش داماوە، ڕووخساری لە تاو گریان خوساوە. ئەو ئەفسەرە ناحاڵیەش لە جیاتی ئەوەی ئارامی بکاتەوە سەرزەنشتی دەکات، ئەفسەرەکە بە توانجەوە وتی: (تیژڕەوی ئەمانەشی هەیە! ئەبێت چەند جاری دیکە بڵێین بە هێواشی لێبخوڕن!) کاکم کەیفی پێدێ باسی بابەتەکانی مەکتەبمان بۆ بکات، ئامادەشە سەری بڕوات بەڵام ئیشەکەی نەڕوات. دیارە دەیەوێت داخی دڵی خۆی بڕژێت بەسەر کچەکە دا؛ ئایە لەبەر ئەوەیە کچەکە دەوڵەمەندە و ئەم بێ پارەیە؟ یان لەبەر ئەوەیە کچەکە جوانە و ئەم ناشرینە؟ ڕەنگە لە ناخی دڵیەوە ئارەزووی ئەمە بکات و بڵێت: (هەقیەتی ... ئێستە ئەبێت چەند ملیۆن لەسەری بنوسم.... ئەبێ پارە لە قوڕگی ئائەمانە بهێنرێتە دەرەوە.... ) ئەفسەرەکەش داماوە، خەڵک

کە دەیبینێ بیری بەرپرسی مەسینەکانی ئەکەوێتەوە، ئەوانەی بەردەم تەوالێتە گشتییەکان[4]

کەوتۆتە جەوی خۆیەوە و داخی دڵی خۆی هەڵدەڕێژێت. هەست بەوە دەکەم کە باران نم نم دەکەوێتە سەر ڕوومەتم ، تۆبڵێی من بگریم یان ئاسمان؟ لەوانەیە من بم لەوانەشە ئاسمان بۆ من کەوتبێتە گریان. بێگاڵتە هەربەڕاست خەریکە باران دەبارێت. هەورەتریشقە و هەورە گرمەشی هەیە. بایەکەش خەریکە هەڵدەکات، چی بایەکی بەهێزە! ئێستاکە وا خەریکە تەڕ دەبم. هەموویان دەچنە ناو ئۆتۆمبێلەکەیانەوە، دەڵێی نمایشەکە بەرەو کۆتایی دەچێت. دەوروبەرم چۆڵ بوو. ئەفسەرەکەش نایلۆنێکی دا بەسەریدا. هیچ کەسێکیش لە بیری ئەوەدا نیە شتێک بدات بە سەر منیش دا. ڕاستی هیچ کاتێک لە مردن نەدەترسام تەنها هەندێک جار بیرم دەکردەوە کە ئەگەر باران زۆر ببارێت، من لە ژێرخاکدا تەڕ دەبم ئەوەش خراپە. ئێستاکە نەچوومەتە ژێرخاکەوە خەریکە تەڕ دەبم. بۆچی کەس نایەت بە هانامەوە؟ ناچارم ڕابێم، یەکجار ئەوەندەش خراپ نییە. ئاو زۆر بە جوانی سەر و سیمای منی شۆردووە و هەرناڵێی شتێک ڕووی داوە. ئێستا ئەگەر یەکێک بمبینێت وادەزانێت خەوتووم، نازانم، پێدەچێت بەڕاستی خەوتبم.

---

[4]موحسین قیرائەتی مامۆستایەکی شیعەی ئێرانە دەڵێت: جارێکیان لە گەنجێتیمدا چووم بۆ شاری مەشهەد، گەیشتمە قاوەخانەیەک. یەکێک هاتە بەردەم تەوالێتەکە و چەند مەسینەیەکی لەسەر یەک هەڵچنی و دارێکی بەدەستەوە گرت، هەرکەسێک بهاتایە مەسینەیەکی هەڵدەگرت و ئەمیش بەدارەکە دەیکێشا بەدەستیدا و دەیوت: ئەمەیان هەڵمەگرە، ئەوەیان هەڵبگرە. پێم وت: کاکە بۆچی وا ئەکەیت؟ خەڵکەکەش وتیان: ئەم بەندەی خوایە بەدوای پلەو پۆستێکدا دەگەڕێتو هیچی دەستنەکەوتووە هاتووە لێرە دا بووەتە بەرپرس بەسەر مەسینەکانەوە. وەرگێڕ

# گەلاوێژ

ئێستا بە تەواوی کاتژمێر سێ  و دە خوولەک و سێ چرکەی پاش نیوەڕۆی ڕۆژێکی گەرمی هاوینە؛ ڕۆژێکی زۆر گەرم لە ناوەڕاستی مانگی گەلاوێژ دا. تەنانەت ناوەکەشی وادەکات لەرز بە گیانمدا بێت. گەلاوێژ دەڵێم. چاوەڕێیم دەکرد، بمویستایە و نەمویستایە وەکو هەمووساڵێکی تر دەهات. ئەمساڵیش وا گەیشت. تاکو نیوەشی ڕۆیشت، ئێستا کاتژمێر سێ و دە خوولەک و سێ چرکەی چواردەی گەلاوێژە. هەرئێستاش میوانم هات، لە دوای نیوفەڕۆی ڕۆژێکی گەرمی ناوەڕاستی گەلاوێژ ی یەکێک لە ساڵە پڕ شکستەکان و بێ بەرهەمەکان کە هەر دێن و دەڕۆن بە دوای یەکدا و بەبێ وەستان. هیچ جیاوازیەکیان نییە لەگەڵ یەکتری؛ بە هەمان ژمارەی ڕۆژەکان و بە هەمان ژمارەی مانگەکان. تەنانەت ناوی مانگەکانیش وەک خۆیانن. نەورۆز، گوڵان، جۆزەردان، پووشپەڕ، گەلاوێژ..... گەلاوێژ! گەلاوێژ! ناکرێت ئەم مانگە لە ساڵەکەدا بسڕینەوە؟ هەرچی سەر ئەهێنم و سەر ئەبەم ناکرێت، چونکە گەلاوێژ بۆ خۆی مانگێکە، من دڵنیام کە هەموو ڕووداوە ناخۆشەکانیان بەستۆتەوە بەم مانگەوە. بەهەرحاڵ ئێستا کاتژمێر سێ و دە خوولەک و سێ چرکەی پاش نیوەڕۆی چواردەی گەلاوێژی هاوینێکی گەرم و دوور و درێژە، دەکرێت ساتێکی زۆر گرنگ بێت لە ژیانم دا. وتم کە میوانێکم هەیە، میوانێکی سەرسووڕهێنەر کە یەکەم جارە چاوم پێیدەکەوێت. زۆر شتم دەربارەی بیستووە بەڵام تا ئێستا نەمدی بوو. بەڵام ئێستا وا لە دەرگاکەوە دێتە ژوورەوە، بێگومان بە بێ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختە. ئەمە کەمێک ناڕەحەتم دەکات. کەمیش نا، زۆر ناڕەحەتم دەکات. چوونکە ئەوەی ڕاستی بێت میوانێکم خۆشناوێت کە لە پڕدا خۆی بکات بە ماڵ دا. بەڵام ئیتر ئادەمی ڕقی لە هەرچییەک بێت، دێت بەسەریدا. ئێستا چیرۆکەکەی ئێمە سەبارەت بە میوانێکی نەخوزراوە کە لە کاتژمێر سێ و دە خوولەک و سێ چرکە ی ڕۆژێکی بێزارکەری ناوەڕاستی هاوین خۆیکردووە بە ماڵماندا. بیربکەنەوە بەم کاتە و لەم ڕۆژە و لەم بارودۆخەدا لە جیاتی ئەوەی

سەرخەوێک بشکێنیت میوانێکی نەخوازراو بێتەماڵەکەت. چی هەستێکتان بۆ دروست دەکات؟ ڕێک هەمان هەستم بۆ دروست بووە. ناچارم زەردەخەنەیەک بکەم. ئەسڵەن ڕواڵەتێکی باشی نییە، کە دەیبینم مووچرکە بە لە شمدا دێت دەمەوێت ڕووم وەربگێڕم بەڵام بوێری ئەوە ناکەم. دووبارە زەردەخەنەیەک دەکەم. لێوەکانم لە یەکتری جیانابنەوە، زۆر لە خۆم دەکەم. کەمێک سەرکەوتوو بووم، هەرچەندە خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکە. سڵاوێک لە میوانەکە دەکەم، بەدڵنیاییەوە لە ناچاریدایە دەیکەم ئیگینا ئارەزووی ناکەم. وەڵامم ناداتەوە. ڕووی گرژ کردووە. بە دڵنیاییەوە وابیر دەکاتەوە کە زۆر قۆزە و منیش پێویستە خزمەتکاری بۆ بکەم. هەوڵ دەدەم ڕێژەی ئارام گرتنم زیاتر بکەم و کۆنترۆڵی خۆم لە دەست نەدەم. بەڵام کاتێک بیر لە ئەو مرومۆچیەی دەکەمەوە خراپ حاڵم تێکدەچێت. ئاخر پێویستە چی لە میوانێکی ناشرین بکەم کاتێک کاتژمێر سێ و دە خوولەک و سێ چرکە دوای نیوەڕۆ لە ڕۆژێکی مانگی گەلاوێژی بێزارکەر لە پڕێکدا خۆی دەکات بەژووردا. من کە شتێک بە مێشکمدا نایەت، ناتوانم کارێک بکەم ناچارم بەرگە بگرم، بەو شێوەیەی کە لە هەموو تەمەنمدا کردوومە بە درێژایی سی ساڵی تەمەنم. لە بەرگە گرتن زیاتر شتێکم بەخەیاڵدا نایەت. بەڕاستی ڕێژەی بەرگە گرتنی مرۆڤەکان زۆرە. لە بەرد ڕەقترن بەڵام کاتێک دەتەقنەوە، پیس دەتەقنەوە، ڕاستی چەند ئاسانیش دەتەقنەوە! تەق! دەنگەکەیت بیست؟ دەنگی تەقینەوەی من بوو.

لەکاتژمێر سێ و دە خوولەک و سێ چرکەی دوانیوەڕۆیەکی بێزارکەری وەکو هەموو دوانیوەڕۆیەکی بێزارکەر، میوانێکی نەخوازراو دێتە ماڵی کەسێکەوە و خاوەن ماڵ پێشبینی هاتنی ناکات و تازە هیچیشی لە دەست نایەت. میوانەکە هاتۆتە ژوورەوە و چارەیەکم نییە. زۆر ئابڕووبەرانەیە کە دەستیان تێناچێت تەلەفونێکیش بکەن. زۆر تامەزرۆیم؟ بیر لەم شتانە دەکەمەوە کە میوانە نەخوازراوەکەم بە مرومۆچیەکەوە دێتە پێشەوە و لەسەر ئەسکەمەلێکە دادەنیشێت. وەک بڵێی حەزی بە چارەم نەبێت و دەڵێی نانی باوکیم خواردووە. زۆر گاڵتەجاڕانەیە کە لە ناوەڕاستی پاش نیوەڕۆیەکی پڕ لە ناخۆشی سەردانکەرێک بێتە ماڵی کەسێک و قەرزارباریشی بکات. حەزەکەم ئا ئێستە بە لەقە بیکەمە دەرەوە. بەڵام هەوڵدەدەم ئارام بم. هەمیشە هەوڵمداوە ئارام بم، بەڵام

هیچ کاتێک سەرکەوتوو نەبووم. ئێستاش دڵنیا نیم کە سەرکەوتوو دەبم، تەنها هەوڵدەدەم. بەڵام توانام نەماوە. ئێخەی کابرا ئەگرم و بە لەقە ئەیکەمە دەرەوە. بەتامەزرۆییەوە دەستەکانم ئەدەم بە یەکدا و زەردەخەنەیەکم بۆ کردووە. بەڕاستی چێژبەخشە. هەڵبەتە من باسی بیرۆکەکە دەکەم چوونکە من خۆ ناتوانم شتێکی وا بکەم. جیهانی خەیاڵ لە لام چێژبەخشە؛ هەموو ئەو کارانەی تێدا دەکەیت کە ناتوانی بەڕاستی بیانکەیت وە دەبیتە خاوەنی زۆرشت کە لە ڕاستیدا خاوەنی ئەوانە نیت، سەرنجڕاکێش نییە؟ بەڵام بە داخەوە لە بەرامبەر دا جیهانە ڕاستیەکەش هەیە، ئەم میوانە نەخوازراوەی من لە پشتی مێزەکەوە جێگەی بۆخۆی خۆشکردووە. هەڵبەتە هەر چەند سێیردەکەم و بیر دەکەمەوە ناشکرێ ئەوەندە زۆر ناڕازی بم، چوونکە هیچ نەبێت دوای چەندین مانگ کەسێک هاتۆتە ماڵەکەی من. با وایدانێین کەسێکی باش و ڕێکوپێک نەبێت. ئێستا ئەگەر کەسێکی گەورە بووایە جیاوازیەک دروست نەدەبوو؟ هەوڵدەدەم هەموو شتێک بە،باشی بەڕێوەببەم. چام پێشکەشی میوانەکە کرد. بەڵام بە سەر وەڵامی نەخێرم دەداتەوە و دەیەوێت حاڵیم بکات کە کات بەفیڕۆ نەدەین چوونکە کاری تری هەیە، پێویستە سەردانی چەند شوێنێکی تریش بکات. جوان لە مەبەستی تێدەگەم، هیچ کۆششێک ناکەم بۆ ئەوەی بیوەستێنم و مەبەستەکەی قبوڵ دەکەم. ئێستا کاتژمێر سێ و دە خوولەک و چوار چرکەیە و من مردوم. حاڵم زۆر خراپ نییە و ئومێدەوارم خراپتر نەبێت.

ڕوونکردنەوەیەک: نووسەر هەوڵیداوە کە لە ڕێگەی ئەم چیرۆکەوە ژیانی دووبارە و بێ ئامانجی مرۆڤەکان بخاتە ڕوو. خەڵکانێکی زۆر هەن کە هیچ نوێگەریەک لە ژیانیان دا ناکەن و مانگەکانی ساڵ وەکو شتێکی ئاسایی بەسەریان دا تێدەپەڕێت بەبێ ئەوەی شتێکی نوێ بۆخۆی و بۆ ژیانی خۆی بخوولقێنێت ئەمەش ئەو هۆکارەیە کە نووسەر لە زاری کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە دەڵێت: مانگەکان هیچ جیاوازییەکیانلەگەڵ یەکتری دا نییە و تەنانەت ناوی مانگەکانیش وەک خۆیانن و گۆڕانکاری بەسەریان دا نایەت.

وە ئەگەر بە وردی لە چیرۆکەکە بڕوانیت دەبینیت کە نووسەر تەواوی ئەم ڕووداوانە و تەواوی ئەو مەبەستانەی کە ویستی بیگەیەنێت لە ١ چرکە دا

کۆیکردۆتەوە. ئەمەش خۆی لە خۆی دا دەستڕەنگینی و لێهاتوویی نووسەر لەر دەخات

# بنێشت

ماوەی دوو ڕۆژ دەبوو کە لە ئوتێلدا نیشتەجێ بوو بوو. بۆیەکەمین جار لە ژیانیدا تاڵاوی خیانەتی چەشتبوو. خۆشەویستەکەی پێی وت کە لەم شارە نامۆیە دەڕواتە ماڵی هاوڕێکەی. پیاوەکە لە هەمان ڕۆژدا تێگەیشت کە هاوڕێیەک لە ئارادا نییە و ئەچێتە ماڵی خۆشەویستەکەی. ڕۆژی دووەم، بۆ خوولەکێکیش نەیبینی و شەوەکەی بە تەنیایی بەسەر برد. ڕۆژوو شەوی بوو بوو بە یەک و بەتەواوی لە یەک دەچوون، خەوی نەما بوو. هەوڵیدا لەگەڵ کۆمەڵەی میوانانی ئوتێل کە هەموویان لە یەک چەشن بوون، خۆی سەرقاڵ بکات. زۆرجار تەنهاییەکەی بەلاوە باشتر بوو و لەگەڵ خودا دا دەچووە خەڵوەتەوە. ئەمجارە بۆ یەکەمین جار ناچار بوو کە ئەو هەموو (بۆچی)ەی لە مێشکیدا بوو فەرامۆشیان بکات. کۆمەڵەیەکی بێزارکەر بوون. بۆ نانی ئێوارە کەسێک هاتە ناو کۆمەڵەکەوە. لە کاتی هاتنیدا مۆبایلەکەی زەنگی لێدا، بەڵام مۆبایلەکەی داخستەوە و پەیوەندیەکە ڕووی نەدا. ئەمە سەرەتای پەیوەندیەکی ناوەکی بوو کە شەوی تاریکی پیاوەکەی پڕ کرد لە ئەستێرە. ڕۆژی دواتر خانمەکە بەناوی بچکۆل بانگی کرد ـ بەهەمان ئەو ناوەی کە کۆمەڵەکە لەناو خۆیان دا یەکتری بانگ دەکەن ـ و پیاوەکەش کە تا بەیانی نەخەوت بوو بنێشتێکی پێشکەش کرد. چەند ڕۆژی دواتریش پیاوەکە هەر بنێشتی پێشکەش دەکرد. یەک دوو جار خانمەکە بنێشتەکەی وەرگرت. ڕۆژێکیان بەخت یاوەری پیاوەکە بوو، هەر یەکێک لە ئەندامەکانی کۆمەڵەکە بەرەو شوێنێک ڕۆشتن. ئەویش لەگەڵ خانمەکە دا بە یەک ڕێگە دا دەڕۆشتن. بەیەکەوە قسەیان دەکرد و پێدەکەنین. پیاوەکە پۆشاکی بۆ خانمەکە کڕی و خانمەکەش بخوردێکی بۆ پیاوەکە کڕی کە بۆنێکی خۆشی هەبوو. پیاوەکە تا بەیانی بۆنی بخوردەکەی کرد و نەخەوت. بۆبەیانی کەسێک هاتە ناو کۆمەڵەی میوانانی ئوتێلەکە. پیاوەکە هەوڵیدا چاوپۆشی لێبکات. ڕۆژی کۆتایی کۆمەڵەکە، پیاوەکە لە سەرما دا دەلەرزی خانمەکەش کە لە پەنایدا بوو قەمسەڵەکەی خۆی پێدا. بەڵام خۆی دەلەرزی. پیاوەکە قەمسەڵەکەی پێدایەوە و ئەمجارە هەردووکیان لە سەرمادا دەلەرزین. شوێنێکی باشیان بۆ هەڵکەوت بوو بۆ قسەکردن، پیاوەکە بۆ ماوەیەکی کەم دەستی خانمەکەی گرت، زۆر گەرم بوو. کەمێک دواتر کە

شەو داهات. لە گۆشەیەک دا پێی وت کە خۆشی دەوێت. ژنەکە سەری سووڕما و هیچی نەوت. کاتژمێرێک دواتر هەموویان سەر فڕۆکەکەیان کەوتن. پیاوەکە لە تاریکیدا سەیری دەرەوەی دەکرد و خانمەکەش چەند ڕیزێک لە پێشتر لە پەنای هاوسەرەکەیدا دانیشتبوو.

# پێشکەش بە ئەویندارەکەم

لە کۆتاییدا گەیشتینە ڕێستۆرانتەکە. وابزانم کاتژمێرک زیاترمان پێچوو. لە داخی قەرەباڵغی حەزمەکرد سەیارەکە بکێشم بە شتێکدا یان سەرم لە جامی سەیارەکەدا دەربێنم و جنێو بەو خەڵکە بدەم. بەڵام زیاتر دڵم حەزی ئەکرد شتێک بکێشم بەسەری خانمە باڵاپۆشەکەمدا، چوونکە وەک هەموو جارێک هەموو شتێک خەتای ئەوە.

ـ بە دڵنیاییەوە دەبێت بچین بۆ ئەو ڕێستۆرانتە

ـ ئاخر بۆچی؟ ئەم هەموو ڕێگەیە لەم قەرەباڵغیە دا بۆ ببڕین؟

ـ نا تەنها ئەو ڕێستۆرانتە.... بە یادی جاران...

ویستم بڵێم (دزێکی دوور ئەم یادگاریانەی تۆ ببات، دزێکی دوور هەرچی...) بەڵام ددانم بە خۆمدا گرت، بە زەحمەت، بەڵام لە کۆتاییدا ددانم بە خۆمدا گرت.

ـ وای چەند شەوێکی خۆشە... بە یادی سەردەمی دەزگیرانداریمان.... باوەڕ دەکەیت ساڵێک بەسەر هاوسەرگیریماندا تێپەڕیوە؟

ئەمشەو لەو شەوانە بوو کە بەرگە گرتن تیایدا زۆر سەختە. نازانم چی لە مێشکیدا دەگوزەرێ. لەتاوا خۆمم بە مۆسیقایەک ئارام کردەوە تا لە کۆتاییدا گەیشتم. بەڵێ، ئەمەش ڕێستۆرانتەکە. ئەوەنە قەرەباڵغە شوێنی دەرزیەکیش نابێتەوە.

ـ ئێرە زۆر قەرەباڵغە. ناکرێت شوێنێکی تر بگرین؟

ـ نا، تەنها ئێرە.

دەڵێی چارەیەکی ترمان نییە. منیش خۆم بەدەستەوە دەدەم و ئۆتۆمبێلەکەم بە نارەحەتیەکەوە لە شوێنێک دا پارک دەکەم. لە ناو ئاپۆڕاکەوە بە زۆر ڕێگەمان بۆخۆمان کردەوە و چووینە ژوورەوە. تەنها یەک مێزی بچووک لە لای ڕاستی ساڵەکەوە بەتاڵ بوو.

ـ نا ئەویان نا! ئەچینە سەر ئەو مێزە. تەنها ئەو مێزە!

ـ ئاخر چەنێک چاوەڕێکەین تاکو ئەو مێزە بەتاڵ بێت؟

ـ تەنها ئەو مێزە... بە یادی سەردەمی پێش دەسگیرانی و دوای دەزگیرانی!

تورەبییەکەم لە ناخم دا قووت دەدەم. دەچمە لای پایەیەک و پاڵ دەدەمەوە تاکو کەمێک لە ماندوویێتیم کەم بکەمەوە. خەڵکی دێن و دەڕۆن. لە کوێوە دێن و بۆکوێ دەڕۆن و چی زەحمەتێک لە ژیانیان دا دەکێشن؟ خوا دەزانێت. بە ڕووکەش ڕازاوەن و بە کەسانێکی خۆشبەخت دێنە بەرچاو. ڕووکەشی منیش دڵنیایی پێوە دیارە و پاکوخاوێنە، ڕەنگە لە ڕوانگەی ئەوان دا کەسێکی خۆشبەخت دیاربم، بە تایبەتی کاتێک لەگەڵ ژنە جوانەکەمدا هاتووم بۆ ڕێستۆرانتێکی بە شکۆ، وا دەزانن بۆ خۆمان دڵخۆشین و لە هیچمان کەم نییە.

ـ هۆنراوەیەکت بۆ بڵێم؟

ـ بیڵێ.

ـ (لە پەردەی جیلوەیەکتا ڕوو نمایە شۆری سەد مەحشەر

نیقابێ لادە لەو چیهرە، ببینە زەلزەلەی مەخلووق )[5] وابزانم ئەم هۆنراوەیان بۆتۆ وتووە!

ـ کوڕە وا نییە

ـ بەڕاستمە..! دیارە شاعیر تۆی دیوە و ئەم هۆنراوەی بەسەردا خوێندووی!

ـ کوڕە واز بێنە... تۆ هەمیشە زیادەڕۆیی دەکەیت لە باسکردنی مندا... من ئەوەندەش جوان نیم...

[5] دیوانی مەحوی (لا ٢١٦). واتە: دڵدارانت ئەوەندە زۆرن لە توێی تاقە خۆدەرخستنێکدا شۆر و هەرای سەد ڕۆژی مەحشەر بەرپا دەبێ. ئەگەر باوەڕ ناکەی پەردەیەک لە ڕووت لادە و سەیرێکی خەڵک بکە بزانە چ جووڵەیەکی وەک جووڵەی ڕۆژی قیامەت بەرپا دەکەن.(هەڵبەتە هۆنراوەیەکی فارسی وتووە بەڵام پێم خۆشبوو بە هۆنراوەیەکی مەحوی وەریبگێڕم و.ک)

- ئەوەندە جوانی کە ئەڵقەیەکت بۆ بکڕم!

لەسەر هەمان ئەو مێزە بوون کە چاوەڕێین چۆڵ ببێت. ڕاستیشی دەکرد ئەوەندە جوان نەبوو.

- ئاخر... ئاخر... دەبێت بیری لێبکەمەوە

ناز ی بەسەردا دەکرد.

- ئەتەوێ بیر لە چی بکەیتەوە؟.... پیاوێکی گەنجی خۆشبەخت!

منیش خەریکی خۆبێتام کردن بووم

- سێ ڕۆژی تر وەڵام دەدەمەوە.

- سێ ڕۆژ...!!

من هیچ ڕۆژێک خودام لە یاد نەبوو لەو سێ ڕۆژەدا هەر نزا م دەکرد.

- ئەڵقەکەمت هێنا؟

ئەڵقەکە ئامادەبوو

ئەڵقەکەت کوا... لەگەڵ تۆمە... بیر لە چی دەکەیتەوە؟ بۆچی ئەڵقەکەت لابردووە؟

- ئەڵقەکەم... وابزانم لە ناو ئۆتۆمبێلەکە دا بەجێ ماوە.

ڕاستیەکەی هەر نەمدەزانی لە کوێدایە.

- بڕۆ بیهێنە.

- کێ تاقەتی هەیە ئەم هەموو ڕێیە بڕوات...

- کلیلەکەم پێبدە با بچم بیهێنم. ئاخر ئەمشەو...

- بەسیکە ئیتر. ئەگەر ئەوەندە حەزدەکەیت وەکو یەک بین تۆ ئەڵقەکەت دەربێنە.

بێدەنگ بوو. مێزەکەش لە کۆتاییدا چۆڵ بوو.

ـ تۆ لەوێدا دانیشە

ـ جیاوازیان چییە؟

ـ ئاخر ئەو کاتە تۆ لەوێدا دانیشتبووی...

ئیتر مێشکی زۆر تێکداوم. بە ئەستەم شوێنەکەم گۆڕی. گارسۆنەکە وادێت. برنج و کەباب بانگ دەکەم.[6]

ـ نا، بێزەحمەت پێی بڵێ دوو جوجە کەباب بێنێت.[7]

ـ جوجە کەباب!

ـ بەڵێ، ئەو ڕۆژە هەردووکمان جوجە کەبابمان دەخوارد... بێزەحمەت دوو جوجە کەباب لەگەڵ زەلاتە و ساردی

ـ ئیتر ئەم گاڵتەجاڕیە بەسە! لە دەستی تۆ بێزار بوو!... حاڵم پێت تێکدەچێت، بە هەموو گاڵتەجاڕیەکانت، یاریە بێتامەکانت، لە ڕەفتاری منداڵانەت، ئامۆژگاریەکانت، میهرەبانیەکانت... بڕۆ دەرەوە لە ژیانم، بڕۆ دەرەوە!

ئەمانە قسانێک بوون ویستم بیانکەم، بەڵام نەمکردن.

ـ بەڵێ، بێزەحمەت هەر ئەوەی خانم وتی بۆمان بهێنن. لەگەڵ ماستێکدا.

ـ نا ماست نا، ئەو شەوە ماستمان نەخوارد.

بە توڕەییەوە:

ـ بەڵێ... هەر ئەوەی خانم وتی!

گارسۆنەکە ڕۆشت. بۆ ساتێک گوێم بۆ قاوەقاو ی خەڵکەکە دەگرت. لە مێزەکەی تەنیشتمانەوە پانزە شانزە کەس کۆبوونەتەوە؛ لەسەر مێزەکە مناڵێکی یەک دوو

[6] چلوکباب: خواردنێکی ئێرانییە. بریتییە لە کەباب و برنج.
[7] جوجە کباب: خواردنێکی ئێرانییە.

ساڵە تیایە تاکو پیرەمێردێکی نەوەد ساڵە. نان دەخۆن و پێدەکەنن. پێیان خۆشە کە زیندوون.

ـ دوێنێ پورە فەریدە وتی پێمخۆشە سبەی شەو بە بۆنەی ساڵیادی هاوسەرگیریتان دیاریەکتان بۆبکڕم. پێم وت بەرنامەیەکی تایبەتمان هەیە بۆ سبەی شەو! ئێستا بەس ئەوە ماوە دیاریەکەمان پێبدات. بەڕای تۆ چی بۆ کڕیوین؟

بەڕاستی ئەم قسانەی ناڕەحەتم دەکات. تەنها سەیری دەکەم.

ـ دەزانی داوای چیم بۆ کردوی؟

ـ داوات کردووە؟

ـ بەڵێ. بۆ دیاری ئەمشەو  کۆت و پانتۆڵێکی سوری تۆخم بۆداوا کردویت.

ـ کۆت و پانتۆڵی سوری تۆخ!

هێشتا دوای ئەم هەموو ماوەیە تێنەگەیشتووە کە من بەم ڕەنگە گێلانە حاڵم تێکدەچێت.

ـ تۆ چیت بۆم کڕیوە؟

ـ من... من...

گارسۆنەکە خواردنەکەی هێنا.

ـ ئۆو... سوپڕایزە؟... دواتر دەیڵێی... باشە، پێداگری ناکەم کە ئێستا بیڵێی...

جوجە کەبابەکان هەم شێوەیان ناشرینە هەم تامیان ناخۆشە حاڵم تێکدەدات. ناتوانم بیانخۆم.

ـ وای چەنێک بەتامە. خواردنەکەی زۆر خۆشە.

هەمیشە بە چاوبرسی و بە خێرایی نان دەخوات. هەر خواردنێک بخەیتە بەردەستی هەمان شت دەڵێت.

ـ با خواردنەکەمان بە هاوبەشی بخۆین

ـ بەهاوبەشی بیخۆین؟ مەبەستت چییە؟

ـ واتە بە یەک چنگاڵ، یەک تیکە جوجە کەباب بە یەکەوە دەخۆین. بیرۆکەیەکی چۆنە؟

ـ چەند ڕۆمانسیە... کچێ ئەم شتانە لە کوێ فێربوویت؟

ـ لە کوێ بینیوتە؟!

گوڵێکی زەرد لەسەر مێزەکە هەیە. دەیگرم بەدەستمەوە.

ـ پێشکەش بە تۆ... پێشکەش بە ئەویندارەکەم، کیژێ خان!

ـ هێی... هێی... بیر لە چی دەکەیتەوە... لەگەڵ تۆمە... خەیاڵت لە کوێیە؟... سەیری من بکە!

گوڵە زەردەکە ی سەر مێزەکە هەڵدەگرێت و دەڵێت.

ـ پێشکەش بەتۆ... پێشکەش بە ئەویندارەکەم، پیاوەکەم!.

# شەولەبان

باوکم هێشتا لەو گۆشەیەد دانیشت بوو. وەکو هەمیشە بەر لەوەی دنیا تاریک ببێت، لەسەر قەنەفەکە گۆشەیەکەی خستبووە ژێر قۆڵی و پاڵیدابوویەوە و دووکەڵی دەکرد بە هەوادا. هیچ کاتێک بەم دووکەڵانە دڵخۆش نەدەبووم. بەڵام جاری واش هەبوو نارەحەت نەدەبووم، دەچووم ئەو دووکەڵانەی لە شێوەی بازنەیەکدا بوون هەندێک جار دەمگرت و هەندێک جاریش دەمکردە دەستمەوە. بەڵام ڕاستەکەی بۆنەکەی زۆر ناخۆشە. لەوە تێنەدەگەیشتم باوکم بۆچی ئەم کارە دەکات. ئێستاش دانیشتووە و بەپێی بەرنامەی ڕۆژانەی وەکو بارهەڵگرێک دووکەڵ دەکات. منیش ئێستا تاقەتم نییە یاری لەگەڵ دووکەڵەکانیدا بکەم. چوونکە باوکم حەوسەڵەی نییە. زۆر تووڕەیە. بەڵام پێدەچێت لە پاڵدانەوەکەی و دووکەڵ کێشانەکەی بێزار نەبێت. ڕەنگە بەلایەوە کەمێک چێژ بەخشیش بێت. ڕەنگە واش نەبێت، نازانم. بەڵام ئەوەندە دەزانم کە باوکم تووڕەیە. زۆر بە ئاسانی پێی دەزانیت کە تووڕەیە. دنیا بەسەریدا کەوتووە و باوکە باڵا کورت و لەڕ و لاوازەکەی منیش توانای بەرگە گرتنی سەختی دنیای نییە. بیربکەنەوە دنیایەک بەم گەورەییە و باوکی منیش بەم بچووکیە. باوکی بەستەزمانم، پشتی خەریکە کوڕ دەبیت یان کوڕ بووە یان من وا بیر دەکەمەوە کە بووە یان ڕەنگە هەر بەڕاستی بووبێت. لەم ڕۆژانەی دواییدا ددانەکانی ئێشیان دەهات. جارێکیان بە هاوڕێکەی وت قولەپێی دێشێت. من تێناگەم قولەپێ کامەیە. بەڵام ناوەکەیم زۆر پێخۆشە. قولەپێ! زۆر هەوڵمدا تا ناوەکەیم لەبەرکرد. تۆش ئەگەر هەوڵبدەیت دەتوانیت لەبەریبکەیت. من زۆرم هەوڵدا، بەهۆی ئەمەوە لە مانای ئازار چەشتن تێگەیشتم. نازانم ئازارەکەی من زیاترە یان ئەوەی باوکم. بەڵام بە هەرحاڵ پێویستە بڵێم لەبەرکردنەکەی زۆر سەخت بوو، تەنانەت بۆ منیش کە زۆر چالاک و زیرەکم. خۆم گوێم لێبووە کە باوکم بە هاوڕێکەی دەوت کچەکەم زۆر بیرتیژە. جارێکیان سەردەمی زوو، کاتێک دایکم هەبوو، خۆم دەمتوانی تەلەفزیۆنەکە هەڵبکەم دایکم بە شادومانییەکەوە هاواری دەکرد چەند منداڵێکی هوشیارە! ڕاستیەکەی دایکمم زۆر خۆشدەویست بەڵام ڕۆژێکیان نازانم چیبوو ڕۆیشت و بەجێی هێشتین، ئیتر نەگەڕایەوە. نازانم بۆ کوێ ڕۆشت، من جارێکیان دەگریام و بیانوم دەگرت بەڵام خۆی دەرنەخست و دیار نەبوو. باوکم زیاتر تووڕەبوو، دایکیشم ڕۆشتووە و دیار نییە. باوکم دەیوت دایکت شەولەبان بردوویەتی یان ڕەنگە شەولەبان خواردبێتی. بەهەرحاڵ نازانم جیاوازیان چییە. شەولەبانی

ناپیاو! ئەگەر دەستم پێی دەگات. بەڵام ڕاستیەکەی خۆ ئەگەر دەستیشم پێی بگات ناتوانم هیچ بکەم. ئاخر جارێکیان شەولەبانم دیوە لە خەونمدا. زۆر زەبەلاح و ڕەش بوو چاوەکانی سور بوون و ددانەکانی ترسناک بوون. زمانە زۆر گەورەکەی هاتبووە دەرەوە، دەیویست منیش ببات و بمخوات زۆر ترسام. لە خەودا داچڵەکیم و تا بەیانی دەگریام. چی گریانێک! باوکم کفری دەکرد. بەسەرمدا هاواریکرد و وتی بێدەنگ بە! چاوەکانی سور بوون، ڕێک وەکو شەولەبانەکە، من زیاتر ترسام و زیاتر دەگریام وای لێهات هەموو جلەکانم تەڕ بوون. ڕاستیەکەی لە تەمەنمدا ئەوەندە نەترسابووم. بۆچی نا جارێکی تریش بەهەمان شێوە ترسابووم، ئەویش ئەوکاتە بووکە باوکم لە دایکمی دا. باوکم وەکو شەولەبانی لێهاتبوو دایکیشم وەکو من دەگریا و هاواری دەکرد. دواتر ڕۆیشت بۆ حەمامەکە و تەشتێکی هێنا تاکو بیکێشێت بەسەری باوکم دا، وەکو ئەفلامکارتۆنەکان، وەکو فیلمەکان، بەڵام من دەترسام. ڕقم لە باوکم و دایکم بوو. بەڵام ئەو ساتە زیاتر لە دایکم تورەبووم، چوونکە بە تەشت نەیکێشا بەسەری باوکمدا. لەوانەیە پێویست بوو لێی بدایە. لەوانەشە پێویست نەبوایە لێیبدایە، نازانم. بەڵام ئیتر لێینەدا. تەشتەکەی دانا و دیسان گریا. منیشی خستە باوەشی و توندیکردم بەخۆیەوە بەڵام من نەگریام، چوونکە کەوتمە یادی منداڵیمەوە. ئەو کاتانە ئازارم نەبوو. تەنها شیری دایکمم دەخوارد و بەڕاستیش بەتام بوو. نازانم چی ڕوویدا وا جارێکیان لە پڕ نەیهێشت ئیتر شیرەکەی بخۆم. ڕەنگە کچێکی باش نەبووبم یان ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بووبێت جارێکیان گازم لێگرت. دایکم هیچ کاتێک لە من خۆشنابێت. بۆی هەیە ئەمە گەورەترین هەڵە بێت لە ژیانی مندا. خۆزگە جارێکی تر دایکمم دەبینیەوە تەنها بۆ جارێکی تر، تا هیچ نەبێت داوای لێبوردنی لێدەکەم. ئاخر دایکێکی زۆر باش بوو. باوەشی ناگۆڕمەوە بەهەموو دنیا. هەمیشە لە باوەشیدا دەبووم ئەگەر دەستی بەتاڵ بووایە. کاتێکیش خەریکی کارێک دەبوو ئەوەندە ئەقڵم پێی دەشکا کە دەستی نەگرم. لەو کاتانەدا دەچووم بۆلای مەلوس، قسەم لەگەڵ ئەودا دەکرد. مەلوس سەبارەت بە خۆی قسەی بۆ دەکردم، سەبارەت بە ئازار و نارەحەتییەکانی. یەکەمجار من وام دەزانی تەنها مرۆڤەکان ـ واتە ئێمە ـ ئازار دەچێژن. بەڵام مەلوس وتی بەم شێوەیە نییە. ئەو وتی کە بووکەڵەکانیش ئازار دەچێژن. بۆنمونە کاتێک ئەوان بەزۆر دوور بخەینەوە لە یەکتر یان کاتێک فڕێیان بدەین یان تەنانەت کاتێک کە

لەوان زویر بین. ئاخر بووکەڵەکان دڵیان زۆر بچووکە. جارێکیان بە بووکەڵەکەم وت ئیتر ئەم کارانەی لەگەڵدا ناکەم. بەڵام لەپاش ئەو هەموو بەڵایانەی بەسەریمدا هێنا، فڕێمداوە و تەنانەت چەند ڕۆژێکیش لەگەڵیدا زویر بووم. مەلوسی داماو هەموو شەوێک تا بەیانی لە شوێنی خۆیدا دەگریا. بەیانیان سەرینەکەی تەڕ بوو بوو. دایکیشم ناچار بوو بەرگی سەرینەکەی هەموو ڕۆژێک بشوات. ڕاستیەکەی منیش ئەو شەوانە زۆر دەگریام، بەڵام بۆ ئەوەی دایکم تێنەگات بە بێدەنگی دەگریام. ئاخر دڵم بۆ بووکەڵەکەم تەنگ بوو بوو. ئەو کات تێگەیشتم کە بۆچی مرۆڤەکان لەگەڵ ئەوەی یەکتریان خۆش دەوێت، لە یەکتری زویر دەبن. پێکەنیناوی نییە؟

تێدەگەم لەوەی باوکم بۆچی شەوانە پاڵدەداتەوە و دووکەڵ دەدات بەهەوادا ـ بەزۆری ئەم کارە دەکات، بەنزیکەیی هەموو ڕۆژێک ـ بیری دایکم دەکات. حەتمەن دایکیشم بیر لە باوکم دەکاتەوە، لە هەر شوێنێک بێت، تەنانەت لە ئەگەر سکی شەولەبانیشدا بێت. بەڵام دایکم دووکەڵی بەهەوادا نەدەکرد. کاتێک دڵتەنگ دەبوو حەزی بە هات و هاوار دەکرد. جارێکیان خۆی ئەمەی پێ وتم، بەڵام کاتێک خۆشحاڵ دەبوو پڕ بە دڵی خۆی پێدەکەنی. کاتێک منداڵ بووم بینیم کاتێک پێدەکەنێت هەردوو دەستی وەکو منداڵ بەرز دەکاتەوە. منیش پێکەنین دەیگرتم. هەرکاتێک دایک و باوکم پێدەکەنین منیش دەکەوتمە پێکەنین. زۆر خۆش بوو کاتێک دایکم و باوکم لەگەڵ یەکتریدا باش بوون. تەنانەت لەگەڵ هەبوونی ئەو بابەتە. ئاخر نیوەی شەویش بووایە هاتوهاواریان دەکرد. ئەو کاتە زۆر خەفەتم دەخوارد، بەڵام ئێستا زیاتر خەفەت دەخۆم. ئەی خۆزگە دایکم دەهاتەوە و لەگەڵ باوکمدا هاتوهاواری دەکردەوە و نەیان دەهێشت خەوم لێبکەوێت. شایەنی ئەوەیە خۆزگەی پێ بخوازی، باوەڕ بکەن شایەنیەتی!

# بۆیاخی پێڵاو

ـ پێڵاو بۆیاخ دەکەم، بۆیاخ... وەرنەوە بۆیاخ.

تەمەنی لە دە دوانزە ساڵ زیاتر نەبوو. پاکەتێکی بچووکی دروستکردبوو، کەلوپەلەکانی دەخستە ناویەوە و پڕیکرد بوو لە وێنەی هونەرمەندەکان.

ـ کاکە پێڵاوەکەت بۆیاخ ناکەیت؟

ئەمڕۆ لە بەیانی زووەوە دەستی پێکردبوو، بە ئومێدی ئەوەی پارەی زیاتر بەدەست بهێنێت و بەو پارەیەی کە بۆی دەمێنێتەوە بڕوات بۆ سینەما. ڕۆژانێکی تایبەت بوون و خەڵکی شارەکەش بە گڕ و تینەوە دەچوون بۆ تەماشاکردنی فیلم لە سینەمادا. لە نزیک ڕووبارە وشکەکەی زایەندە[8]چەندین کاتژمێر دانیشتبوو لەسەر پردی سی و سێ[9]، بە ئومێدی هەبوونی کڕیارێک کە دەیان بار بە بەردەمیدا هات و چۆیان دەکرد. بەڵام لە ئاسمانەوە ڕزقەکەی بۆ نەدەهات. هەموو ئەو پارەیەی کە بەیانییەکەی دەستیکەوت بوو بەشی ڕۆشتنی بۆ سینەمای نەدەکرد. زیاتر هاواری کرد.

ـ بۆیاخ، بۆیاخ.... کاکە تخوا بۆیاخێک بکە.... خانم زۆر باش بۆیاخت بۆدەکەم.... کاکە ناتەوێت پێڵاوەکەتان ببریسکێتەوە؟....

هاوارەکانی کەم کەم دەبوو بە ناڵەناڵ و دواتر بوو بە گریان. ددانی بە خۆیدا گرت.ئەوەی بیرکەوتەوە کە ئیتر بووە بە پیاو و نابێت بکەوێتە گریان. بەڵام چارەی نەبوو. کەوتە گریان. ئاسمان هەورە گرمە و هەورە تریشقەی کرد. وەک ئەوەی بیەوێت باران ببارێنێت.

ـ بچکۆل بۆچی دەگریت؟

وەڵامی نەدایەوە.

---

[8] ڕووبارێکە بە گەورەترین ڕووباری ناوەندی ئێران دادەنرێت و لە زنجیرە چیاکانی ئێران سەرچاوەی گرتووە و بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئێران درێژ دەبێتەوە.

[9] پردی سی و سێ پردێکە لە ئەسفەهان کە لەسەر ڕووباری زاینده دروستکراوە.

ـ دەڵێم بۆچی دەگریت؟... تۆ سێری ڕەسمی ئەم هونەرمەندانە!... ڕەسمی ناو گۆڤارەکانە لێتکردۆتەوە؟

ـ بەڵێ...

بەدەم گریانەوە بەردەوام بوو:

ـ ئەکرێ بۆیاخێک بکەی؟

ـ لەم دواییانە بۆیاخم کردووە.

ـ ئاخر، دەمەوێ بڕۆم بۆ سینەما.

ـ بۆ چی فیلمێک؟

ـ نازانم هەرچییەک بێت.

ـ زۆر باشە. ئەم پارەیە بگرە، پێی بچۆ بۆ سینەما. خوات لەگەڵ.

کوڕەکە بەرەو سینەماکە ڕایکرد. فیلمەکە تازە دەستپێکردبوو. لەسەر کورسیەکە دانیشت. چەند منداڵێک لە ناو فیلمەکەدا یاری تۆپێ پێیان دەکرد. ئۆقرەی نەگرت، هەستا و چووە پشتی پەردەکەوە. لەگەڵ منداڵەکاندا یاری تۆپی پێی کرد. پیاوێکیش بە سمێڵێکی زلەوە بۆیان چوو. هەموویان ترسان. پیاوە ڕووگرژ و ئێسک تاڵەکە تۆپەکەیانی تەقاند و هەموو منداڵەکان ڕایانکرد. چەندین جار هەمان شت ڕوویدا، تاکو جارێکیان کە مام سمێڵ هات بۆیان، کوڕە بۆیاخچییەکە بەترس و لەرزێکەوە چووە پێشەوە. پاکەتی بۆیاخەکەی خستە بەر قاچی پیاوەکە و دەسیکرد بە بۆیاخکردنی پێڵاوەکانی. مام سمێڵ بە توڕەییەوە سەیری کرد، کاتێک بریقەی بێ تاوانی لە چاوی منداڵەکە دا بینی، دڵی نەرم بوویەوە. لە جیاتی ئەوەی تۆپەکە بتەقێنێت، بەرزیکردەوە و شەقێکی تێهەڵدا. منداڵەکان لە خۆشیدا هاواریان دەکرد و مام سمێڵیش هاتە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە. وەکو منداڵێکی گورجوگۆڵ بەدوای تۆپەکەدا ڕایدەکرد و یاری دەکرد. کاتێک یاریەکە تەواو بوو، بۆیاخچییەکە پاکەتی بۆیاخەکەی هەڵگرت و لە پەردەکەوە هاتە دەرەوە. لەگەڵیدا بینەرانیش لە ناو سینەماکەدا هاتنە دەرەوە. لە دەرەوە باران دەباری، زۆر بە توندی.

منداڵ

وتی : تا ئێستا لوویداوه که سوالی پاسکیل ببیت و پایدەل لێ بدەیت و بکەوی بە پشتا و بملی؟ لوویداوه؟. وتم: بەڵێ. بەستەزمانە شێت بوو. دووبارە وتی: جالێکیان کە سوالی پاسکیل بووم، کەوتم دواتل ملدم و زیندوو بوومەوە. خانمێکی جوان هات بۆلام. وتی بلیندال بووی؟ وتم بەلێ جەلگم. دەستی گلتم و گوشی و باش بووم دوایی ماچی کلدم... هێواش ماچی کلدم... باشتل و باشتل بووم. منیش بەهێواشی ماچیمکلد. بوو بە کەپلم. دواتل بوو بە ژنم. شەش مندالمان بوو... نا حەوت دانە... هەشت دانە... نۆ دانە... نا دوو دانە... دوو مندالی جوان، خلوخەپان، یەکێکیان کچ، یەکێکیان کول. گەولە بوون، چوونە قوتابخانە. من خەلجیەکەیم بۆ دەدان. من دەمدا... دەڵێم من خەلجیەکەیم بۆ دەدان!.

ـ تۆ بۆت دەدان؟. نەبابە تۆ نەتدەدا. من بۆم دەدان. مندالّی من بوون.

وتی: قسەی زیایە مەکە! من بۆم دان. وتم: دیسا منالّەکانی منت دەوێت؟ وتی: ئەوان هی من بوون... من مندالەکانم دەوێت... من مندالەکانم خۆش دەوێت دەستیکرد بە گریان. وتم: مندالّەکان هی من بوون... نەک هی تۆ... تۆ شێتی وتی: خۆو شێتی ناشلین وتم: ئاژداد و ئاباوت ناشلینە، هەی ناشرین! وتی: من مندالم دەوێت. وتم: مندالّ دز، دەتەوێت مندالّەکانم بدزی. هاواری کرد: مندالەکانم بدەلەوە ناشلین، سوێندت دەدەم، مندالّەکانمت بۆکوێ بلد. هاتمە مەیدانەوە بۆی و بە هاوارەوە وتم: سووکایەتیم بە قەبری هەرچی مندالّە کردووە.

یەکێک لەو پەرستارانەی کە ڕۆبە سپیەکەیان لە بەردا بوو وەکو هەموو ڕۆژێک هات و دەرزیەکی لێداین و ڕۆشت. دووبارە مندالّەکانمان مردن.

# مەرگی ڕۆشنبیرێک

خەریکی ژماردنی برینەکانی بوو؛ هەمان ئەو برینانەی کە لە ژیاندا هەن و وەکو نەخۆشی گەڕی ڕۆحی ئادەمیزاد لە ناو گۆشەگیریدا دەخۆن و دایدەڕوشێنن. وای بە باش زانی کە لە جیاتی ئەوەی دەست بۆ برینەکانی ببات، خۆی بەو شتەوە خەریک بکات کە مانای هەموو تەمەنی لە ناو خۆیدا هەڵگرتبوو. ڕۆیشتە لای بڕگە بەنرخەکانی یادداشتە بچوکەکەی کە بۆ ماوەی ساڵەهای ساڵ هەموو تێبینیە گرنگەکانی کتێبەکانی تیادا نوسیبوو. لە سەرەتادا زەردەخەنە گرتی: ( خواوەندەکان چارە ڕەشی لە چارەی مرۆڤەکاندا دەنوسن تا وەچەکانی ئاینده هۆکارێکیان لە پێناو گۆرانی وتندا هەبێت.) هۆکاری چارە ڕەشیەکەی زانی، بەمشێوەیە پەڕە لە دوای پەڕە ی هەڵدەدایەوە تا گەیشت بە شێعرێک کە هەمیشە لەبەر خۆیەوە دەیوتەوە و بەهەموویانی دەوت:

(( بە بەردەکانیان وت:

بین بە مرۆڤ

وتیان:

بە پێی پێویست ڕەق نین))

چێژی لێوەردەگرت. نوسینی دواتری خوێندەوە: (نووسەرێک، یاخود هەر مرۆڤێک پێویستە باوەڕی وابێت کە هەرچی بەسەریدا دێت کەرەستەیەکە؛ هەر کەرەستەیەکیش کە بە ئەو دراوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێک بووە .لە ڕووی گونجانەوە ئەم بابەتە بۆ هونەرمەند گونجاوترێکە. هەر کارەساتێک کە بەسەریدا بێت، بە تایبەتی سوکایەتییەکان، پەشۆکاوییەکان، بەدبەختییەکان ئەمانە وەکو گڵی سور، وەکو ماددەیەکی سەرەتایی کارەکەی خراوەتە بەردەستی و پێویستە قبوڵیان بکات.) چەند ڕستەیەکی جوان بوون بەڵام لەگەڵ ئەو ساتە و ئەو بڕیارەی کە دایبووی یەکانگیر نەبوون. ڕۆشتە سەر ڕستەی دواتر: ( ئەو کەسانەی خودا خۆشی دەوێن، بە گەنجی دەمرن.) باڵە فشەیەکی کرد؛ بەڵام یادداشتەکەی دواتر دڵی هێنایە لەرزە: ( دڵتەنگی من لەوە زیاترێکە کە بە بینینی چرایەک دڵخۆش ببم) ئەوەی دواتر: ( کێ دەیتوانی لافی ئەوە لێبدات کە ئەبەدی بوونی شادییەک، دەتوانێت ساتێک لە ئازاری مرۆڤایەتی قەرەبوو بکاتەوە؟) وردە وردە دەکەوتە کۆکە کردن: (ئەی خودایان وەکو خودایەک لێپێچینەوە لەگەڵ

مندا مەکەن، بەڵکو وەکو ئادەمییەک کە ئەو ئۆقیانوسەی خاوەنی بوو تێکشکا) ئەمەیان هەموو شتەکانی ئاڕاستە دەکرد: ( گاندی دژی دروستکردنی نەخۆشخانە بوو، دەیوت نەخۆشخانە و کاری خێرخوازی بەتەواوی ئەدای دین پەک دەخەن. مرۆڤ ناتوانێت هاوکاری مرۆڤێکی تر بکات؛ ئەگەر خەڵکی ئازار دەچێژن ئەوا دەبێت ئازار بچێژن تاکو گوناهیان لێهەڵبوەرێت. ئەگەر من یارمەتی ئەوانە بدەم ئەوا دیسان رۆڵی دینی ئەوانم پەک خستوو.) ئیتر کۆکەکەی ڕانەدەوەستا: ( هەر ئەو جارەی من هاتمە دنیاوە، بەسمە. هەرکاتێک منت مراند ئیتر منەت بارم بکە و جارێکی تر من مەگێڕنەوە ناو ئەم دنیاوە!) چاوەکانی بە حاڵ سووربوونەوە و کەم کەم فرمێسکیان لێ دەچۆڕا یان ڕەنگە ئەوە خوێن بێت کە لەگەڵ فرێسکەکانی دا دەچۆڕێن: ( ژیان هیچ نرخێکی نییە هەروەها هیچ شتێکیش شایەنی ئەوەی نییە بژیت.) سەرنجڕاکێش بوو. ئەوەی دواتر: ( لەو شوێنەی کە مرۆڤ تیایدا دەمرێت، تەنها ڕێگەیەکی هەیە بۆ نەمری ئەویش بەجێهێشتنی شتێکە کە نەمر بێت[10].) کەمێک هەستی بە قایل بوون کرد. ئیتر کۆکەکەی زۆر خراپتر بوو لە تاودا سەری خستە نێوان هەردوو دەستی. زانی کە کاتی کەمی ماوە و بەم شێوەیەش ناگاتە کۆتایی یاداشتنامەکەی، بڕیاریدا تەنها لەسەر هەندێک ڕستە دا ڕابمێنێت: ( چەند دڵتەزێنە کاتێک کەسێک بڵێت خۆشم دەوێیت و کەسی بەرامبەریش هاواربکات و بڵێت : چی؟) نەیدەویست بچێتە سەر ئەم وتەیە بەڵام بێ ئاگایانە لەسەری وەستا ( ئەو خەمەی بە لای بودا وە لە هەموو خەمێک گرانتر بوو ئەوە بوو کە لەگەڵ کەسانێکدا نەبین کە خۆشمان دەوێن.) ئەوەی دواتر: ( ئای دووریت ئەزموونی تاڵی ژیانی کرد بە گۆڕی...) بەڵام (هیچ شتێک ناتوانێت ئێمە لە یەکدی جیا بکاتەوە. نە من و نە تۆ. هیچ کاممان ناتوانین ئەم پەیوەندیە بگۆڕین. دەمەوێت تا کۆتا ڕۆژی ژیانت لە یادت بێت کە تۆ لە دنیای مندا ئازیزترینیت تەنانەت ئەگەر حەوت جار لەگەڵ حەت پیاوی جیاوازدا هاوسەرگیری بکەیت، لە دڵی من دا هەموو شتێک وەکو ڕابردوو بەردەوام دەبێت.) ئەم دانەیەش سەرنجی ڕاکێشا: (وە قازەکان تەنها یەک جار هاوسەر بۆخۆیان دەدۆزنەوە. زۆرجار ئەم کارە لە سەرەتای تەمەنیاندا ئەنجام

[10] مەبەستی لەوەیە کە مرۆڤ لەدوای خۆی بەرهەمێک یاخود شوێن دەستێک جێبهێڵێت کە وای لێ بکات بۆ هەمیشە ناوی ئەو لە ناو خەڵکیدا بە زیندوویی بمێنێتەوە وەک چۆن لە شاهنامەی (ابو منصور معمری) دا باسکراوە.

دەدەن و بۆ هەمیشە بەیەکەوە دەمێننەوە. ئەگەر ڕووداوێک بەسەر یەکێکیاندا بێت یاخود بمرێت، ئەوی تریان یان سەری خۆی هەڵدەگرێت و بەتەنیا ژیان بەسەر دەبات یان لە نێوان کۆمەڵەی قازەکاندا بەتەنها دەمێنێتەوە.) چیتر کۆکەی نەدەهات و بۆنی گازەکە تەنگە نەفەسی کرد بوو.(دەگێڕنەوە کە وتی: ڕۆژێکیان دڵم ون بووبوو. وتم ئیلاهی دڵم بۆبگەڕێنەرەوە، گوێم لە دەنگێکەوە بوو کە وتی ئەی جونەید، ئێمە دڵی تۆمان بۆیە بردووە تا لەگەڵ ئێمە بمێنیتەوە، تۆ دووبارە دەتەوێ لەگەڵ ئێمە دا نەبی!) دڵی شکا (... و خوداوەند دڵنەوایی ئەوی دەدایەوە) بە چاوە خوێناوییەکانیەوە بە زەحمەت کۆتا پەڕەی خوێندەوە: (ئەگەر تەنیا یەک ڕۆح ، لەبەر پێویستی جۆراوجۆری جیهان لە دۆزەخدا هەبێت، وە ئەو ڕۆحە ڕۆحی من بێت، لە قوڵایی دۆزەخ هاواری حەمد و سەنای پەروەردگاری لەسەر دەکەم) بە ئارامی چاوەکانی داخست.